# فریشتەکان لە نور (ڕووناکی) دروستکراون، وجنۆکەکان لە بڵێسەیەکی بێ دوکەڵی ئاگر دروستکراون، وئادەم لەو شتە دروستکراوە کە وەسفەکەی بۆتان باسکراوە

لە عائیشەوەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «فریشتەکان لە نور (ڕووناکی) دروستکراون، وجنۆکەکان لە بڵێسەی بێ دوکەڵی ئاگر دروستکراون، وئادەم لەو شتە (دروستکراوە کە وەسفەکەی بۆتان باسکراوە (لە قورئاندا».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی سەرەتای دروستکردنی بوونەوەرەکان دەکات، باسی ئەوە دەکات کە فریشتەکان لە نور (ڕووناکی) دروستکراوە بۆیە سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە ناکەن وخۆیان بە گەورە نازانن بەرامبەر پەرستنی وگوێڕایەڵیکردنی، بەڵام جنۆکەکان لە ئاگر دروستکراون، بۆیە زۆربەیان سیفەتی سەرەڕۆیی وهەڵەشەیی ولە خۆبایی بوون ودوژمنکاریان تێدایە، وئادەم لەو شتە دروستکراوە کە باسکراوە لە قورئانی پیرۆزدا واتە: لە قوڕێکی وشکبووی سوورکراو وەکو سواڵەت، پاشان لەم ماددەیەوە خوای گەورە -سبحانە وتعالی- ئادەمی -علیە السلام- دروستکرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8264